# دونیا نەفرەتلێکراوە، وئەوەیشی تێیدایە نەفرەتلێکراوە، جگە لە یادی خوای گەورە نەبێت وئەوەی پەیوەندی (بە یاد وزیکری خوداوە) هەیە، وزانایەك یان فێرخوازێك

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «دونیا نەفرەتلێکراوە، وئەوەیشی تێیدایە نەفرەتلێکراوە، جگە لە یادی خوای گەورە نەبێت وئەوەی پەیوەندی (بە یاد وزیکری خوداوە) هەیە، وزانایەك یان فێرخوازێك».

[حەسەن - باش)] [(الترمذي وابن ماجه) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە دونیا وئەوەی تێیدایە خودا ڕقی لێیبەتی وسەرزەنشتکراوە، ودووخراوەتەوە لە ستایشی پەروەردگار بۆی، ئەوەی تێیدایە بە چاکە وەسف ناکرێت؛ چونکە هەمووی هۆکارە بۆ سەرقاڵبوون لە اللە وبەندەکان لە ئەو دوور دەخەنەوە، مەگەر یادی اللە نەبێت وئەوەی نزیکە لێوەی وهۆکارە بۆی لەو شتانەی خودا خۆشی دەوێت، یان زانایەك خەڵکی فێری زانستی شەرعی دەکات، یان فێرخوازێك فێری ئەم زانستە بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3788